٥٤ کۆچبەر لە کەناراوەکانی لوبنان لە خنکان ڕزگارکران

فەرماندەیی هێزەکانی سوپای لوبنان ڕایگەیاند، توانیویانە ٥٤ کۆچبەری ناياساییی لە خنکان ڕزگار بکەن کە سەرجەمیان هاوڵاتیی سورین و دەیانویست لە ڕێگەی دەریای ناوەڕاستەوە بەشێوەیەکی ناياساییی بگەن بە وڵاتانی ئەورووپا.

ئەمە سەشەممە فەرماندەیی هێزەکانی سوپای لوبنان لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە، بەهاوکاری تیمەکانی خاچی سوری لوبنانی، توانیویانە ٥٤ کۆچبەر ڕزگار بکەن لە بەلەمەکدا کە لەساتەوەختی نقومبوندا بووە لە کەناراوەکانی وڵاتەکەیان.

ئاماژە بەوەش کراوە، لەنێو ڕزگاربووەکاندا ژن و منداڵ بوونیان هەیە و سەرجەمیان ڕەوانەی بنکەکانی تەندروستی کراون بەمەبەستی پشکنینی بارودۆخی تەندروستیان.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، سەرجەم ئەو کۆچبەرانە هاوڵاتیی سورین و دەیانویست بە ڕێگەی ناياساییی بگەن بە وڵاتانی ئەورووپا.